حکومەتی هەرێم شاندی دانوستانکاری ڕاسپارد پێڵە بکێن لە گەیشتن بە چارەسەری گونجاو زوودەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت



ئەنجوومەنی وەزیران، شاندی دانوستانکاری هەرێمی ڕاسپارد کە لە کۆبوونەوەکانی سبەینێیان کە وا بڕیارە لە بەغدا لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکوومەتی فیدراڵیی ئەنجام بدرێت، بڕدوام بن لە هەوڵەکانیان و پێڵە بکێن لە گەیشتن بە چارەسەری گونجاو لە پێناوی هەرچی زوودەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت. هاوکات دووپاتی کردەوە، هەرێم بە زیادەوە کارئاسانی بۆ لابردنی بڕبڕستەکانی هەناردەکردنەوەی نەوت کردووە. ئەنجوومەنەکە لە بارەی مووچەوە دەڵێت: پێویست بوو مووچە و شایستەی مووچەخۆرانی هەرێم، تەکنیکی ناکێشێکانی نێوان هەردوو حکوومەت نەکرێت.

ئەمڕۆ چوارشەممە 3ـی ئەیلوولی 2025، بە سەرپەرشتی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

لە سەرەتادا، سەرۆک وەزیران بە ناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، پیرۆزبایی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەد (دروودی خوای لە سەر بێت) لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان کرد و هیوای خواست ئەم یادە ببێتە مایەی خێر و خۆشی و ئاشتی و ئارامی بۆ هەموان.

پاشان لە دەستپێکی کابووندا، سەرۆک وەزیران نیگەرانی قووڵی خۆی بەرامبەر هەواداوکانی ئەم دواییەی شاری سلێمانی دەربڕی، کە بەداخەوە بووە هۆی گیان لەدەستدان و بریندارببوونی ژمارەیەک کەس ، سەرۆک وەزیران پرسە و سەرخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانییان کرد و هیوای چاکبوونەوەی بە بریندارانی خواست. هەروەها دووپاتی کردەوە کە پێویستە کێشە و ناکۆکییەکان لە ڕێگەی یاسا چارەسەر بکرێن نەک تووندوتیژی.

ئینجا سەرۆک وەزیران داوای لە جێگری سەرۆک وەزیران کرد کە هەونکردنەوە لەبارەی هەواداوکان بە ئەنجومەنی وەزیران بخاتەڕوو.

جێگری سەرۆک وەزیران، بەوردی باسی ڕووداوەکانی کرد، کە بەرەبەیانی ڕۆژی 22ی ئابی 2025 ڕوویاندا، ئاماژەی بۆشدا؛ هەوە هەبووە پشێوی و ئاژاوەی گەورە دروستبکرێت و پیلان هەبوو بۆ تێرۆرکردنی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چوار کاتی جیاوازدا، گوتیشی هەر بۆیە ئەوەی کە کرا پووچەڵکردنەوە ئەو پیلانە ئاژاوەگێڕییە و چەسپاندنی یاسا بووە و ئێستاش هەڵکاری یاسایی دەگیرێتە بەر بۆ یەکلا کردنەوە ئەو بابەتە.

دواتر ڕوونووی گفتوگۆکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ خرایەڕوو، دەربارەی دەسپێکی پڕۆسەی وەدەستنیشانکردنی بژێنی گەنجینەی فیدراڵیی لە داهاتە نانەوتییەکانی هەرێم، و دەسپێکی هەنارەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و لێکترگرێشتن و کێنووسی هاوبەشی لیژنەکان.

هەریەک لە کامال محەمەد وەزیری سامانە سروشتییەکان بە وەکالەت و ئومێد سەباح سەرۆکی دیوان و ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجامی گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ تایبەت بە هەردوو بابەتی هەنارەکردنەوەی نەوت و داهاتە نانەوتییەکان خستەڕوو.

لە دوای گفتوگۆ، ئەنجومەنی وەزیران وەڵای دەستخۆشی لە لیژنەی دانوستانکاری هەرێم کە دەسەزانە ئەرکی خۆیان بەجێگەیاندووە بە داکۆکیی لە مافی مووچەخۆران و شایستە دارایییەکانی هەرێم، لە هەمانکاتدا ئەنجومەنی وەزیران، شانازی دانووستانکاری ڕاسپارد کە لە کابووندا بڕیارەکانی سبەینێیان کە وا بڕیارە لە بەغدا لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵیی ئەنجام بدرێت، بڕدەوام بن لە هەوڵەکانیان و پڕلە بکەن لە گەیشتن بە چارەسەری گونجاو لە پێناوی هەرچی زوو دەستپێکردنەوەی هەنارەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی کەمپانیای سۆمۆ، بە تایبەتیش کە هەردوو وەزارەتی نەوت و سامانە

سروشتییەکان و کەمپانیای نەوتی باکوور و کەمپانیای سەمە، کێنووسی هاوبەشی پێنەکەلی دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتیان واژۆ کردووە، و ئەوەی لەسەر هەرێمی کوردستان بووە، بە زیادەوە کارئاسانی پێویست کراوە بۆ لابردنی بەربەستەکان، و هەوڵەکانیش بۆردەوامن بۆ گەیشتنەوە بە ئاستی بەرهەمهێنانی پێش هەرشە تیرۆریستەکانی ئەم دواییەی سەر کێڵگە و دامەزراوە نەوتییەکانی هەرێم.

سەبارەت بە بابەتی هاوبەشی پێکردنی داهاتی ناوخۆی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، ئێنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەوەی ئەم بابەتە، بە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵیی و یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ هێکخراوە کە دادگای فیدراڵیش جەختی لە کردووەتەوە، داواشی کرد لە چوارچێوەی ئەم دوو یاسایە، بابەتی داهاتی نانەوتیش چارەسەر بکرێت هەروەک لە دوا بڕیاری ئێنجومەنی وەزیرانی فیدراڵیش جەختی لەسەرکراوەتەوە و لێژنەیەکی تایبەتمەندی هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە، تاوەکوو چیتر ئەم دوو بابەتە وەکوو پاساو و بیانوو بۆ خەرجنەکردنی مووچە و شایستەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەکارنەهێنرێت کە بە داخەوە ئێستا لە مانگی ئەیلوولین، کەچی تازە مووچەخۆران مووچەی مانگی حوزەیرانیان بۆ دەنێردرێت کە پێویست بوو مووچە و شایستەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، تەکنیکییەکانی نێوان هەردوو حکومەت نەکرێت هەروەک بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیش جەختی لە کردووەتەوە.